کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-11-2007 23:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەست کێشانەوەی بەڕێزهەڤاڵ (مام جەلال) لە پۆستی سەرۆک کۆمار لە بەرژەوەندی گەلی کورد و یەکیتی دایە وە زەرەرێکی گەورەیە بۆ ئێراقیەکان و نەتەوەکانی تر بۆیە پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی بیر لە کاندیدیکی تر بکاتەوە بۆ ئەو پۆستە!!!! ... باوکی شازاد**

لەپێش هەموو شتێک من وەکوو کادیرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڤاڵ (مام جەلال) بە سەرۆکی خۆم و حیزبەکەم دەزانم بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بەو بابەتە نەخوات من بە دژی مام جەلال دابنێن وخۆیان بە دڵسۆز بزانن وە کەس لە خۆم بە دڵسۆزتر نازانم بۆ یەکیتی نیشتمانی و سەرکردایەتیەکەی، بەڵام ئەوەی من بیرم لێکردۆتەوەو زۆر کەسی تریش بە هەمان شێوە بۆچونی منیان هەیە بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم کاندید کردنی کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە زیاتر خزمەتی گەلی کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات، شایانی باسە (هەڤاڵ مام جەلال) بەڕاستی ئەرکەکانی خۆی بەبێ هیچ کەم و کوڕیەک جێ بەجێ دەکات و هەتا ئیمڕۆش کردویەتی ڕۆڵیکی گرنگی گێڕاوە بۆ سەرکەوتنی هەموو پرۆسەکانی ئاشتی و تەبایی لە پێناوی چەسپاندنی ئاسایش و ڕێکخستنەوەی کۆماری عێراقیکی نوی و وەک دەوڵیتێکی هەنگاو هاویشتوو بەرەو دێموکراتیەتی مۆدیرن لەسەر بنەمای فرە حیزبی و یەکگرتووی فیدرال، ئەوەی پێویست بووە کردویەتی هەموو کارەکانیشی لەسەر حیسابی گەلی کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خراپی شکاوەتەوە، هەرچەندە ئەوکارە باشانەی کردوە بەڵام کەس نیە لە ئێراق دەست خۆشی لێ بکات، زۆربەی عێراقیەکان بە گەورەترین دوژمنی عروبەو هەوڵدان بۆ دابەش بوونی خاکی ئیراقی عارەبی دەزانن، گەلی کوردیش گلەییەکی زۆریان لە سەر هەڵس و کەوتەکانی مام جەلال هەیەو دژ بە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی کوردی دادەنێن، من زۆر جاران داکۆکیم لە هانگاوەکانی مام جەلال کردوە، بەڵام کە کاسە کە پڕ بوو لێی دەڕژیت، خەڵک زۆر شەرم لەخۆی دەکات لە کاتیک سەرۆکی کۆمار کە خۆی کوردەو سکرتێری حیزبێکی شۆڕشگێرو زلهێزی کوردستانە و خەڵک لە ڕێگای ئەوانەوە فێری وانەی کوردایەتی بوە وووشەی فیدراڵیەت و مافی چارەی خۆنوسین یەکەم ووشە بوو کاتێک یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکەمجار زمانی گرت و فێری قسە کردن بوو خەڵك لە کادیرەکانی یەکێتی گوێبیستیان بون، ئێستا بۆ وای لێ بێت زۆر بەکاریکی نەنگی دەزانین وە هیچی تریش ناتوانین پاساو بۆ کاری وا بێنینەوە باشترین کار ئەوەیە هەڤاڵ مام جەلال واز لەو پۆستە بێنێت ئەگەر تۆزێک زگی بە خەباتی خۆی و حیزبەکەی دەسوتێت بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدەکانمان بە فیرۆ نەڕوات بەهۆی چەند مەوقیفیکی قێراقیانەی مام جەلال یەکێتی مسداقیەتی خۆی بۆ زیاتر لە دەست بدات، لە هەمان کات هاوپەیمانانی یەکێتی دژی هەنگاوەکانی مام جەلالن ڕۆژێک نەمان بینی کەسێکیان دەست خۆشی لێ بکەن، یان بەلانی کەم پشتگیری لێ بکەن لەکاتی گفتوگۆکانیاندا لەسەر گشت ئاستەکان وا دەزانن چۆن مام جەلال دژی ویستەکانی گەلی کورد بێت و خۆی بەخاوەنی کوردستان نەزانێت، هەموومان باش دەزانین کە سەرۆکی هەرێم کاتیک لێیان پرسی ڕاتان چیە لەسەر جی بەجێ کردنی سزای لەسیدارەدانی تاونباران لە تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە ووتی ئەوە کاری دادگایە ئەوان چی بڕیار بدەن کەس مافی ئەوەی نیە دەست لە کاری دادگا بدات، وەڵامێکی ڕاست و دروست بوو ئەگەر وەکوو کەسێکی ئاسایی تەماشای قەزیەکە بکەین بەڵام وەکوو شەخسی سەرۆکی هەرێم دەبوو وەڵامێکی تری هەبوایە لەبەر ئەوەی پرسیارەکە مەبەستێکی تری هەبوو ئەویش بۆ ئەوەی بزانن (مام جەلال و کاک مەسعود) هەتا کوێ یەکبون لە بۆچونەکانیان هەیە، ڕۆژانە دەبینین جیگری سەرۆکی پەڕلەمانی ئێراق کاک عارف تەیفور داوا دەکات نابێت سەرۆکایەتی کۆمار سزای تاوەنبارانی ئەنفال رابگرێت هەموو مەبەستەکەش مام جەلالە، ناهەقیشیان نیە ئەگەر یەکێک بیەوێت خەڵک ناوی بە خراپ نەهێنیت و خالی سیاسی بۆ حیزبەکەیان تۆمار بکات ئەگەر بۆ کاتیکی موەقەتیش بێت دەبی ئاوا بکات، خۆی نەکات بە پارێزەری دوژمنانی گەلەکەی خۆی لەبەر ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-11-2007 23:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شیعەکان دەڵێن بابە ئەوە هەر خۆتانن بونە بە ڕێگر فەرموون لەگەڵ سەرۆک کۆمار قسە بکەن بۆ وا دەکات، شتێکی ڕون و ئاشکرایە لەپاش ئەو هەموو چاکسازیانەی کە کردویەتی بۆ ئەوەی وەکو سەرۆک کۆماری عیراق کار بکات، بەڵام دیارە ئێستا بۆ ئەوەی کە ناوی نەکەوێتە لیستی ئەو سەرۆکانەی کە ئیمزای جێبەجێ کردنی سزای ئیعدام دەکەن و بە پێی ئەو ئیمزایەی کردویەتی وەکوو سەرۆکی پارتێکی سۆشیال دیموکرات بۆ ئەو مەبەستە دیارە جەنابیان ئامادە نەبون بۆ جێبەجێ کردنی سزای سەر تاوانبارانی ئەنفال کە بەسەدان هەزار کەسی کورد لە ژن و منداڵ و پیرو گەنجیان زیندە بەچاڵ کرد لە کاتی ڕژێمی بەعسی فاشی هەتا ئێستاش کەس نازانێت ئێسک و پروسکەکانیان لە کوێن، هەرچەندە هەندێک گۆڕستان دۆزراونەتەوەو پاش ئەوەی بە ملیۆنەها دۆلاریش سەرف کرا لەلایەن دکتۆر (موحەمەد ئیحسان) توانرا لە کۆی 8000 شەهیدتەرمی 500 شەهیدی بارزانی بگەڕێننەوە بۆ خاکی کوردستان، بەڕای من ئەگەر بمانەوێت تەرمی هەموو شەهیدەکانمان بەو شێوەیە بێنینەوە دەبێ بودجەی کوردستان نیوەی تەرخان بکریت بۆ ئەو مەبەستە، لەجیاتی ئەوەی کە نەیەڵێن تاونباران لە سیدارە بدرێن بەلانی کەم هەتا ئێستا سوڵتان هاشمی تاوەنبار چارەنوسی ئەو هەموو خەڵکەی ئاشکرا نەکردوە ئەگەر ئەو تاوەنبار نیە بۆ لەناو دادگا داوای لێبوردنی لە گەلی کوردستان و بنەماڵەی ئەو شەهیدانە نەکرد وەکو (سابیر دوری) کردی هەرچەندە زامەکان بەو قسانە ساڕێژ نابن، بەڵام هەرنەبێت دان نان بەو تاوانە باشترە لە ئینکار کردنی بۆ ئەوەی جارێکی تر کارەساتی ئاوا بەسەر گەلەکەمان نەیەتەوە، بەڵام ئەوەی من بیزانم ئیمزا نەکردنی مام جەلال هۆکارەکەی هەر ئەوە نیە کە ئەو کەسێکی کۆنە پارێزەر بوەو شتێکی وای ئیمزا کردوە کەسیش تێی ناگات بەداخەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا ڕێگا نادات هیچی تر خەڵکی سوننە بکوژرێت لەبەر ئەوەی ئەوان توانیان ئارامی و ئاسایش بگێڕنەوە بۆ ناوچە سونی نیشینەکانی عێراق ئێستا بە دەگمەن گوێمان لێ دەبێت سەربازێکی ئەمریکا بکوژریت، هەر ئەوەش وای کردوە مەوقیفی سەرۆک جۆرج بووش بەهێز ببێتەوە بەرامبەر بە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، پرۆسەکەی سەرۆک بۆش دابین کردنی ئاسایش لە ئێراق بەتایبەتی لە ناوڕاست و بەغدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە پاداشتی ئەو پێشوەچونە گرنگانە ئێستا سوننەکان بونە بە پاڵپشتی هێزە هاوپەیمانەکان، بە پێچەوانەوە ئەوەندەی شیعەکان زەرەر لە هاوپەیمانان دەدەن کۆنە ئیرهابیەکان ئەوەندە دەوریان نەماوە، بۆیە ئەمریکیەکان کاریان کردۆتە سەر بەرپرسانی ئیراقی کە دەستیان سوک بکەن و هەرچەندە لە توانایاندابێت خەڵکانی سوننە مەزهەب لە بەندیخانەکان ئازاد بکەن کە دەبینین ڕۆژانە بە سەدان کەس بەرەڵادەکرین و ئەو حوکمانەی کە دەرچوە سوک بکرێن وپاش سەردانەکەی (ئەحمەد ئەبوریشە) ی ئەنباری بۆ ئەمریکاو پێشوازی کردنی لە لایەن جۆرج بووش ئێستا داوای 2 ملیار دۆلار قەرەبو دەکەن بۆ خەڵکی شاری ڕومادی وە هەر هەموشیان پڕ چەک کراون بۆ دژایەتی کردنی تێرۆریستانی ئەلقاعیدە، ئەی باشە ئەگەر ڕاستە سەرکردەکانمان بڕیاری کوشتنی خەڵک نادەن وەیان وازیان هێناوە من پرسیارێکم هەیە؟ شەهید بوونی ئەو هەزارەها گەنجەی کورد لە شەڕی براکوژی بە ڕەزامەندی کێ بوو (مام جەلال و کاک مەسعود) نەبوون یان ئەوە جیایە خوێنی کوردان خۆڕایە هەرکەس بیرێژێت حەلالە لەدەرەوەو لە ناوەوە!! بۆچی وا ئێستا کاتی ئەوە هاتوە تۆڵەی خەڵک بکرێتەوە و ئاهوو نزای خەڵک کەم بکرێتەوە ئاوا لێمان بونە بە فریشتە گوایە کەس بە قسەی ئەوان نابێت بکوژرێت، بەهەر حاڵ من بەباشی دەزانم ئەگەر موشکیلەی مام جەلال بەڕاستی ئەوەیە با وازبێنێت یەکێکی تر ببێتە سەرۆک کۆمار خۆ مام جەلال بێکار نیە بابگەڕێتەوە کوردستان تۆزێکیش خزمەتی یەکێتی بکات پێش ئەوەی ماڵ ئاواییمان لێ بکات هیوادارم تەمەن درێژ بێت، با ببینین جارێکی تریش یەکێتی بێتەوە سەر ئاستی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جارانی خۆی و گەشە بکاتەوە لەبەر ئەوەی بەڕاستی بونی مام جەلال لەو پۆستە تەنها بە زەرەری یەکێتی تەواو بوو بۆیە ئێمەش وەکوو جەماوەری یەکێتی و کەسو کاری شەهیدان داوای قەرەبووی لی دەکەینەوە یەکێتیمان بۆ بێنێتەوە سەر دۆخی جاران کاتی کە بوە بەسەرۆک کۆمار هیچی ترمان لێی ناوێت، لە ڕاستیدا ئێستا عێراق پێویستی بە کەسێکی وا هەیە دەست نەگێڕێتەوە لە جێ بەجێ کردنی هەر سزایەکی قورس بەسەر تاوەنباران بۆ ئەوەی چاوی تێرۆریسان بشکێت تاکوو هیچی تر دەست نەخەنە کاری ناو خۆیی عێراق، لەسایەی خوا ئەوە ئاواتەکانی هاتە جێ بووبە سەرۆکی کۆماری ئێراق کە خەونێکی گەورەبوو هاتەجێ، هەموو خزم کەس و دۆست و برادەرەکانی مام جەلال بون بە موستەشار و بەڕێوەبەری گشتی و چەندین لێپرسراویەتی گرنگیان وەر گرتوە لە سەرۆکایەتی کۆماردا وە بونە بە سەفیرو قونسلی ئیراقی بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتی بوبن و یەک کاتژمێر کاتی خۆیان تەرخانکردبێت بۆ کۆبونەوەیەکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی هەروەک دیمان دوا مەرسومی کۆماری دەرچوو لە گەڵ ڕێزمدا بۆ هونەرمەندی گۆرانی بێژی کورد بەڕێز کاک (هۆمەری دزەیی) وەکوو موستەشاری سیاسی سەرۆک کۆمار، خزمەکانی بەڕیز (هیرۆخانیش) گەیشتن بە مەرامی خۆیان هەموویان دەوڵەمەند بوونەو بون بە خاوەن کۆمپانیاو وەزیفەی بەرزیان وەرگرتوە، وابزانم هیچی تر نەماوە بەدەستی بینن (دۆڵ دراو تەقەی برا) هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی، هەروەها هێشتا ماویەتی بزانین یەکێتی وا دەگەڕیت بە شوێن کەسێکی غەیرە یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەریمی کوردستان خوا دەزانێ بازەکە لەسەر سەری کی دەنیشیتەوە گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکیتی نەبوبێت هەروەک یەکێتیەکان قەباعەتیکیان کردبێت یان کەسێک نەبێت لەناو ئەو حیزبە گەورەو پەرت و بڵاوە شایستەی ئەو پۆستە بێت، یان دیارە بەمافێکی ڕەوای نابینن کەسێکی یەکێتی بێتە جێی بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) هێندە پۆستەکە موقەددەس کراوە کەسی پی ڕەوا نابینن باشە ئەگەر هەر ناتەنەوێت یەکیتیەک ببێتە سەرۆک وەزیر بەڕای من باشترە هەر بۆ پارتی جیی بهێڵن هەر ئەوان بن باشترە لە کەسێکی مستەورەد لە دەرەوە کە کەس حیسابی بۆ نەکات هەرنەبێت پارتی لە سوێنێکی تر قەرەبوتان دەکاتەوە و بەخاڵێکی ئیجابی بۆتان دەژمیردرێت لەنێو ئیتفاقیە ئیستراتیجیەکەی نێوان هەردوولا کە مۆرتان کرد بۆ ئەوەی دەنگی حیزبەکانی تر کپ بکەنەوە، خەڵکی ماندوو خاوەن خەبات و بنەماڵەی شەهیدانیش باهەر بۆ خۆیان یادی شەهیدەکانیان بکەنەوەو کاتێ ژن و مناڵەکانیان دەچن بۆ وەرگرتنی شەهیدانە مافی ئەوەیان هەبێت وێنەیەکی شەهیدەکەیان وەکوو ملوانکە بکەن بە سنگی خۆیان بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەن و جیا بکرێنەوە لە شەهیدە ساختەکان کە بەداخەوە ناویان لە یەک لیست تۆمار کراوە و چاش و باش تێکەل کراوە، نامەوێت هیچی تر بڵێم، پێشمەرگە دێرینەکانیش بۆ دڵدانەوەی خۆیان با یادەوەریەکانی زەمانی خەباتی شاخ بۆ خەڵک بگێڕنەوە ئەگەر کەسێک هەبێت تاقەتی گوێگرتنی هەبێت، پێیان نەڵێن کاکە زەمانی شەڕ نەماوە باسی شتیکی خۆشترمان ترمان بۆ بکەیت باشترە!!! خەڵکی مەسلەحچی وماستاوچی و بەرژەوەندی خوازیش با ببن بە بەرپرس لەسەر حیسابی خەڵکانی بەد بەختی ماندوو نەناسی ناو ریزەکانی یەکێتی، کادیرەکانی یەکێتیش ئەوانەی موستەهەقن و خاوەن بڕوانامەن و زمان زانن و خاوەن ڕەگەزنامەی ئێراقی و دەوڵەتانی ترن هەموو کاتەکانی خۆیان بۆ خزمەتی یەکێتی تەرخان کردوە، دەبێ هەر چاوەڕوان بن ئاخۆ کەی مەکتەبی ڕێکخستن داوای لیستێک دەکات لە کۆمیتەکان بۆ دامەزراندنیان لە شوێنیکی شیاو بەڵام هەتا ماوین دەبێ هەر چاوەڕوان بین بڵێین (شیردا بۆ داپیردا)، لەبەر ئەوەی هەتا خزم و برادەرو ناسیاوی مام جەلال و سەرکردەکان هەبێت کەس ئاگای لە خەڵکی شایستەو موستەهەق خەباتگێر نیە با کەسانی لێوەشاوەش بن دەبێ هەر بڵێین (لەراهی خودا شتێک ئەوانیش پێمان بڵێن خوا بدات) ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.